کەمپینی هەڵبژاردن چوارکاندیدی ئەنجومەنی پارێزگاکان سزا دەدات



کەمپینی باڵای هەڵبژاردنکانی عێراق چوار کاندیدی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرەی بەپێبژاردنی سێ ملیۆن دینار سزادا، چونکە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن پارچە زەوییان بەسەر خەڵکدا دابەشکردبو و ئاوەش پێچەوانەی ڕێنماییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنە.

بە گوێرەی نوسراوێکی کەمپینی باڵای هەڵبژاردنکانی عێراق، ئەنجومەنی کەمپیاران لە ڕۆژی 28ی مانگی (کانونی یەکەم/12) ساڵی ڕابردو گفتوگۆ و پێداچونەوەیان بە ژمارەیەک تانە و سکاڵاکانی هەڵبژاردندا کرد.

ئاماژە بەوەشکراوە، بە بڕیاری ئەنجومەنی کەمپیارانی هەڵبژاردنی عێراق هەریەکە لە ئەسعەد

عەبدولئەمیر، ئوسامە عەبدوڕەزا، موهەندد جەعفەر و سەفا نەسیم کاندیدی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە بە بڕی سێ ملیۆن دینار سزا دەدرێن.

ئۆشخراوەتەو، پرسی ئەم سزادانە ئاماستەی تیمەی وردبینی دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێری دارایی دەکرێت بۆ ئۆڕی ڕێکاری تایبەتی بڕامبەر ئەو کاندیدانە بگیرێنە بەر.

لە نوسراوێکی کەمسیۆن باس لەوشکراوە، بە پشبەستن بە ماددەی 10ی سیستمی هەمەتی هەڵبژاردنی ژمارە 2ی ساڵی 2023 و بڕگەی دوەمی ماددەی 5ی سیستمی سکاڵا و تانکانی ساڵی 2023 دراوە.

ئاماژە بۆشکراوە، ئەو چوار کاندیدەی پارێزگای بەسرە لە کاتی بڕۆچونی بانگشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عەراق پارچە زەویەیان بەسەر خەڵکدا دابەشکردوە.